**تکایە، خاسی مەکەن، با خراپتر نەبێت!/١**

ئاکۆ مارانی

٢٠٢٥/٠٨/٢٥

ڎ ، ۋ ، ڹ ، ق ، ي (فۆنێم) یان (ئەلەفۆن)؟

١.

/ڎ/ : ڎي d̑ [1]: فۆنێمە، واتای واژەکان دەگۆڕێت و جووتواژەکان لە یەکدی جیادەکاتەوە. لەتەک فۆنێمی /د/ جیاوازی هەیە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە /ڎ / بە بێژەی ناوچەیی و ئەلەفۆن هەژماری دەکەن، دەیان کردار هەن، کە بە فۆنی [ڎ] گۆدەکرێن و دەیان واژەی دیکەش هەن، کە بە فۆنی [د] گۆدەکرێن، واتە لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی هەم فۆنێمی /ڎ/ هەیە و هەم فۆنێمی /د/ هەیە. فۆنێمی /ڎ/ وەک فۆنێمی /د/ هەم لە سەرەتای واژە ( ئی ڎەس، ئۆ ڎەس ، ئی ڎەسە، ئا ڎەسە، ئوو ڎەسە) و هەم لە نێوەندی واژە ( بڎیە، باڎیە ، گەڎي ، دېڎي ، دڎان ) و هەم لە کۆتایی واژە (ئاڎ ، ئېڎ ، نمەڎ ) هەیە و دێت.
بەس لە دوو باردا [ڎ] ئەلەفۆنە، ئەویش لەنێو ئاخاوتنی هەندێک گوند [ڎ] وەک ئەلەفۆن دەگۆڕێت بە (ذ : بەرذاخ)، کە لە بنەڕەتدا فۆنەکە [ڎ]یە. بێجگە لەوە، لەنێو ئاخاوتنی هەندێکی دیکە /ت/ بە [ڎ] گۆدەکرێت. لە بنەڕەتدا فۆنێمەکە[ت]. هەڵبەتە ئەویش بەس لە کۆتایی هەندێک واژەی وەک ( وېت ، چنیت ، زېڵیت ، خڎېت ، شېت ) وەها گۆدەکرێن ( وېڎ ، چنیڎ ، زېڵیڎ ، خڎېڎ ، شېڎ ). هەر بەو جۆرەی کە لەنێو ئاخاوتنی خەڵکی سلێمانی /د/ بە [ی] گۆدەکرێت (ئەدا | ئەیا، نەیدا |نەییا، ڕێدا | ڕێیا، ...تد)!

نموونە بۆ هەبوونی هەر دوو فۆنێمەکە (/ڎ/ و / د/) لەنێو ئاخاوتنی هۆرامی:
دېڎي cvcv : باوەژن ، دېدي cvcv : خوشکی گەورە ، دەس cvc : دەست : ڎەس cvc : بەر (ئەم بەر و ئەو بەر)

<u>نموونە: ڕاناوەکان</u>
ئاڎ cvc : ئەوی نێر، ئېڎ cvc : ئەمی نێر ، ئاڎە cvcv : ئەوی مێ، ئېڎە cvcv : ئەمی مێ ، ئاڎي cvcv : ئەوان، ئېڎي cvcv : ئەمان

<u>نموونە: ناوی گشتی</u>
ئەڎا cvcv : دایک ، باڎیە cvccv : دەفری دۆ، نمەڎ ccvc : لباد ...تد

<u>نموونە: ئاوەڵفرمان</u>
ئی ڎەس : ئەم بەر ، ئۆ ڎەس : ئەو بەر... ، چی ڎەس : لەم بەر ، چۆ ڎەس : لەو بەر ، پی ڎەسەرە : بەم بەرڕا ، پۆ ڎەسەرە : بەو بەرڕا، چی ڎەسەنە : لەم بەردا ، چۆ ڎەسەنە : لەو بەرد ، چی ڎەسۆ : لەم بەرەوە ، چۆ ڎەسۆ : لەو بەرەوە، ... تد.

نموونەی هەبوونی هەر دوو فۆنێمەکە /ڎ/ ، /د/ لەنێو یەک واژە:
بڎەیدي ccvccv ، نەڎەیدي cvcvccv ، مەڎەیدي cvcvccv ، مڎەیدي ccvccv ، مڎیەیدي cccvccv ، نەڎیەیديcvccvccv ، مەڎیەیدي cvccvccv ، بڎیەیدي cccvccv تد.

بێجگە لەوەی کە ئەم واژە بناخەییانە (ئەڎا ، ئاڎ ، ئاڎە ، ئېڎ ، ئېڎە، ئاڎي، ئېڎي ) هەرگیز و لە هیچ ناوچەیەکی هۆرامان بە [د] گۆناکرێن، ئەو بۆچوونانەش، کە /ڎ/ بە [د] دادەنێن و وەک ئەلەفۆنی گۆڕانی /د/ بۆ [ی] لەنێو ئاخاوتنی سلێمانی لێکدەدەنەوە و هاتنی پیتە بزوێنەکان لە پێش و پاشی [د] بە هۆکاری بە [ڎ] گۆکردنی لێکدەدەنەوە، نادرووستن، چونکە:
- ئێمە تاکو بۆ ڕابوردوو و بۆ نێوەندی کەسانی گوندنشین و نەخوێندەوار بگەڕێینەوە، کە بنەمایەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەسەنێتی، زۆرتر گۆکردنی [ڎ] دەبیستین و کەمتربوونی [د] لەنێو ئاخاوتنی هۆرامەکان دەبیسترێت.

- کەم نین ئەو واژە هۆرامییانەی کە پێش پیتی [د] پیتی نەبزوێن و پاشی پیتی بزوێن هەیە، کەچی هەر بە [د] گۆدەکرێن، نموونە بواندي ccvccv، شاندي cvccv، کبیاندي cvcvccv، ببیاۋندي cvcvcccv، پڕچندي cccccv، قرتندي cccccv، نەیدي cvccv، دڕدي cccv، بڕدي cccv، خۆدي cvcv، دۆدي cvcv، بیندي cvccv، ۋیندي cvccv، چندي cccv، ۋاچدي caccv ، مەردي cvccv...تد، نزیکەی نیوەی کردارە ڕانەبوردووەکان بۆ دووەم کەسی کۆ دەگرێتەوە.

- کەم نین ئەو واژە هۆرامیانەی کە پێش پیتی [ڎ] پیتی نەبزوێن و پاشی پیتی بزوێن هەیە، کەچی هەر بە [ڎ] گۆدەکرێن، نموونە: بەرڎي cvccv، کەرڎي cvccv، بوەرڎي ccvccv، ۋېیەرڎي cvcvccv، ئارڎي cvccv، بارڎي cvccv، پرڎی cccv، مەرڎي cvccv، ..تد، نزیکەی نیوەی کردارە ڕانەبوردووەکان بۆ دووەم کەسی کۆ دەگرێتەوە.

- ڕاستە لە ئێستا و لەنێو نەوەکانی ئێستا زۆرتر زۆربەی [ڎ]ێکان بە [د] گۆدەکەن. بەڵام هۆکاری ئەوەش ڕۆشنە، گۆڕانی ئاخاوتنی کەسەکانە لەژێر کارایی خوێندن بە عەرەبی، فارسی، کوردی-سۆرازنی، یان ژیان و خوێندن و زمانێژانی منداڵە هۆرامەکان لە وڵاتان و کیشوەرەکانی ئۆرووپا و ئوستralیا و کەنەدا و ئەمەریکا..تد، کە هەمان دیاردەی نادرووست گۆکردن لەنێو منداڵانی کورمانج و زازاک و سۆران و کەلهوڕ و لەک و لوڕ لە هەندەران بوونی هەیە.

---

١. /ڎ/ بەس لەنێو ئاخاوتنی دیالێکتە هۆرامییەکان وەک فۆنێم بوونی هەیە.

* جووتۆکە واژە minimal pair، ئەکادێمیای کوردی د. وریا عومەر ئەمین.